کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە



# پیرۆزبایی ساڵی 2007

**ئەحمەد دەشتی**

لە کورد پیرۆزبێ ســـاڵی تازەمان
بەرەو پێش بچێ کوردســــتانمان
چیتر ژێردەستەو چەوساوە نەبین
ئازادو ڕەهاو ســــەربە خۆ ببین
داگیـــــرکەرانی دڕندە و تەرەس
گشتیان قاوبدەیننەبینین هەرەس
خوایەهەرکەسێ دووژمن بەکوردە
چاویکوێربکەی لەم خاک وهەردە
سەرکەوێ ئەوەی پاک ودڵســـۆزە
پێشمەرگەیکوردوئەم خاکو هۆزە
دووهەزارو هەفت لەکوردپیرۆزبێ
ساڵی ڕزگاری وسەربەخۆی هۆزبێ
پەند وەربگرین لە ڕۆژگارانـــمان
زاناو دڵسۆزبین لە ڕێی هەوارمان
ئەسپی هونەروزانستمان تاو دەین
کوردستانبەرەوسەرکەوتن ببەین
بە تەکنەلۆژیا و زانســت و زانین
پێشـــکەوین وەکو گەلانی زەمین
باوەڕبە خۆیی و کوردستان بکەین
نەیارانی کورد لە ماڵ دەربکەین
ئاڵای کوردســـتان بشـــەکێتەوە
کوردیش لە جیهان دەنگ بداتەوە
کەرکوکی دڵ و هەموو کوردســـتان
چیتر نەمێنێ والە ژێر دەســـتان
جەژن و شادمانی و دڵخۆشی ژیان
پیرۆز بێ لە گشت گەردن ئازادان
جیهان پڕ ئاشتی و ئاسـایش ببێ
ئەهریمەنی شــەڕ هەر نغرۆ ببێ



پێشکەشە بە هەموو کوردێکی پاک